Institutionen för ämnesdidaktik
Stockholm universitet
HV426F-Handledarutbildning -HT2025
Nishtiman Shafeek

# رێنوێنیکردنی فەریکەمامۆستا

## پێڕست

بیردۆزەی پیشەوەرانەی کردەنیی خۆم ..... 2
سێگۆشەی کردەنی ..... 2
P1 – ڕاڤەکردنی ڕوتین/چالاکی ..... 2
P2 – هاندان و ڕوونکردنەوەی بنەمای چالاکییەکە ..... 3
P3 – هۆکاری ئاکارەکی ..... 4
فەلسەفەی ڕەفتار و هونەری ڕێبەری ..... 4
دانوستان ..... 5
ڕێبەرایەتی ..... 6
دیداکتیکی بابەت ..... 7
هەڵسەنگاندن ..... 7
ئاکار ..... 8
پاشکۆ ..... 10
مۆدێلی گوتوێژ و پرسیاری یاریدە ..... 10
ڕەوتی دیمانەی بێژەکی ..... 10
سێ ئاستی گوتوێژ ..... 11
خشتەی ئاروینی بێژەکی بۆ گوتوێژی ڕێنوێن ..... 12
پرسیاری دیڤچوون ..... 14
چێکلیستی یایدەر بۆ گوتوێژی ڕێنوێن ..... 15
سەرچاوە ..... 16
پەراوێز ..... 16

**بیردۆزەی پیشەوەرانەی کردەنیی خۆم[1]**

یەکەم هەنگاو بۆ تێکبەستنی بیردۆزە و کردەنی لە کاروباری پیشەورانەی[2] خۆمدا وەک مامۆستای وانە لە پلەساڵی[3] چوارەمدا بریتییە لە پلانڕێژی و پیادەکاریی پۆلی ئارام و ساختاربەند. مەبەست ئافراندنی ژینگەیەکی خوێندنە تێیدا یەکبەیەکی فێرخواز هەست بە هاندان بکات و دەرفەتی هەبێت، لە دەراوی پێشمەرجی کەسەکیی خۆیەوە، ئارمانجە فێرکارییەکان بپێکێت. هەموو مامۆستایەکی وانەبێژ بیردۆزەیەکی کردەبەندی کەسەکی دەربارەی وانەبێژیی خۆی دەکاتە سەرشار. «سێگۆشەی کردەنی»[4] دەشێت ببێتە مۆدێلێکی خاوەن سێرەی ڕوون لەسەر کردەنیی پێداگۆگییانەی مامۆستا. من، وەک مامۆستا، وانەبێژی بە پیشەیەکی واتادار دەزانم دەکۆشم بۆ فەراهەمکردنی پێشمەرجی لەبار بۆ فێربوون و فراژووتنی گشت فێرخوازان.

**سێگۆشەی کردەنی**

**P1 – ڕاڤەکردنی ڕوتین/چالاکی**

لە پلەساڵی چوارەمدا دەبێت چەمکی «تێکڕا»[5] بە فێرخوازان بناسێنم. دەستپێک، لەبەر ئەوەی ئەمە چەمکێکی تەواو نوێیە لایان، دەکەوەمە ڕوونکردنەوەی واتای تێکڕا و چۆنیەتیی ژماردنی. پاشان داوا لە فێرخوازان دەکەم چەند ئەرکێکی ساکار چارەدۆز بکەن، هەر جارەی یەک ئەرک. ئێمە ڕێبازی «یەک-جووت-کۆ»[6]
دەگرینەبەر. من «تابلۆی ئاچوار»[7] ی بچووک بەسەر فێرخوازاندا دابەش دەکەم کە شێوازێکی کاریگەر و هاوئامێزی کارە سەرچاوە لە بیرۆکەکانی Dylan Wiliam (2013) دەگرێت. بەکارهێنانی تابلۆ لای فێرخواز برەوی زۆرە – گشتیان بەشدار دەبن و هەوڵ دەدەن بەرسف و ژمێرکاریی خۆیان بنووسن.

فێرخواز کە ئەرکی خۆیان ئەنجام دا پێشانی منی دەدەن و ئەوجا دوو-دوو گفتوگۆی چارەدۆزییەکانی خۆیان دەکەن. من جەخت دەکەم لەوەی گرینگە فێرخواز بیرکردنەوەی خۆیان ڕوونبکەنەوە، نەک تەنها بەرسڤی خۆیان پێشان بدەن. لە کۆتادا گشتمان وێکڕا لەسەر تابلۆی پۆل ئەرکەکە بەسەر دەکەینەوە، لێرەشدا بەرسف و پێشنیازی فێرخواز دەبنە سەرشار.

کاتێک فێرخواز ئاشنای چەمکی تێکڕا دەبن دەکەوینە پەیدۆزی لە ژمارەی خوشکوبرا یان ژمارەی خولەکی گەمەی ڕۆژانە و دۆزینەوەی تێکڕایان. ئەمە دەبێتە ئەرکی دووکەسی، هەر فێرخوازێک دەگەڕێت بە پۆلەکەدا و پرسیاری ژمارەی خوشکوبرا یان خولەکی گەمان لە پێنج هاوپۆل دەکات (سنووردارییەکەش لێرەدا بۆ ئەوەیە فێرخواز ناچاری دابەشین نەبێت بەسەر ژمارەی دوو ڕەنووسیدا). فێرخواز، پاش گردکردنەوەی ئەو داتایە، تێکڕای ژمارەکان دەژمێرن و ئەوجا کارەکەی خۆیان بۆ پۆلەکە ڕاڤە دەکەن. پاشان ئەم چالاکییە دەکەینە بنەما بۆ داڕشتنی چارتی ستوونکار[8] یان چارتی هێڵکار.[9]




**P2 – هاندان و ڕوونکردنەوەی بنەمای چالاکییەکە**

مەبەست لەم چالاکییە فراژاندنی تێگەیشتنی بنەماڕێژەکانی فێرخوازە بۆ چەمکی تێکرا لە ڕێی شێوازێکی کار کە جەختی لەسەر پەیدۆزی و چالاکیی فێرخواز بێت. ئەم چالاکییە هەم «پلانی فێرکاری» دەکاتە سەرشار و هەم فەرهەنگی فێرگە. پلانی فێرکاری، لە باسی ماتەماتیکدا، جەخت لە کێشەدۆزی، بەڵگەکاری و دانوستان دەکات. فەرهەنگی فێرگەش داوای فرەڕەنگیی وانە دەکات. Dylan Wiliam (2013) سێرە دەخاتە سەر «فێرکردنی شێوەڕێژ»[10] و سەر سەنگی بەشداریی فێرخواز. بنەمایەکی دیکەی ئەم چالاکییە بریتییە لە «خاراویی ئەزموو»[11] لە وانەبێژیی ماتەماتیکدا کە تۆژینەوە بەڕوونی پێشانی دەدات کە فێرخواز، بەدەم کۆشانی کردەنی، پەیدۆزی و هاوسەما لەتەک کەسانی دیکەدا، تێگەیشتنی قووڵتر دەفراژێنێت.

ئەزموونی خۆم لە دیداکتیکی ماتەماتیکدا پێشانم دەدات کە ماتەماتیک پتر واتادار دەبێت گەر پەیوەست بکرێت بە کاروباری ڕۆژانەی فێرخوازەوە. کاتێک وانەبێژییەکە باسێکی بەرهەست و نێزیکەدەست دەکاتە سەرشار، وەک ژمارەی خوشکوبرا یان ژمارەی خولەکی گەمەی ڕۆژانە، ئەوسا هەم تێگەیشتن لە چەمکی تێکرا ئاسانتر دەبێت، هەم سازوسەودا لەتەکیدا باشتر دەبێت. سەرەتا کار لە دەستەی بچووکدا دەکرێت کە تێیدا فێرخواز بیرۆکەی خۆیان گەڵاڵە دەکەن و وێکڕا دەگەنە بەرسڤێکی هاوکۆ. لێرەدا دەرفەت دەڕخسێت بۆ ئاروینکردن و فراژاندنی توانستی بەڵگەکاری. پاشان کە دەگەینە ڕاڤەکردنی بیرۆکە و ئەنجامگیریی خۆ بۆ گشت پۆلەکە، دەرفەتێکی دیکە فەراهەم دەبێت بۆ زاناندن و پەیبردنی قووڵتر. ئەم شێوازی کارە دەبێتە یاریدەر بۆ

ئافراندنی واتاداری و دڵگەرمی لە فێربوونی گەلدەستدا، ئەوەی Bronäs & Runebou (2016) جەختی لێ دەکەن بۆ پێشاندانی سەنگی گفتوگۆ و هاوسەما بۆ فراژاندنی زانیار.

جگە لەوە، بەپێی بنەمای ئاکارانەی پیشەوەری Colnerud (2017)، مامۆستا دەبێت هەڵوێستێکی پیشەوەرانە پێشان بدات، ڕێز بۆ هەموو فێرخوازێک، ببێتە هاندەری سەرخستنی بەرپرسایەتی و بەشداری و هەروەها تێبکۆشێت بۆ ئافراندنی ئەرخیانی و متمانە لە نێو پۆلدا. کەواتە چالاکییەکە تەنها بۆ فراژاندنی زانیار نییە لە ماتەماتیکدا، بەڵکە بۆ فراژاندنی کارامەیی جڤاکی و دانوستانیشە. ئەمەیان دەچێتە چێوەی ئەرکی بنەبەهای فێرگەوە.

**P3 – هۆکاری ئاکارەکی**

سەرشاری ئەو ڕەچاوگرتنە ئاکارەکییەی دەبێتە بنەما بۆ ئەم چالاکیە بریتییە لە بەرپرسایتیی مامۆستا بۆ دابینکردنی هەم ساختاری ڕوون و هەم ژینگەیەکی فێرکارانەی ئەرخەیان و هاوئامێز. Colnerud (2017) باس لەو دیلێما[12] (کێشەی دووسەرە) ئاکارەکییانە دەکات کە لە وانەبێژیدا پەیدا دەبن. ئەمەیان بۆ من باسێکی گرینگە چونکە فێرخوازی خاوەن هەلومەرجی تایبەتم زۆرن. دیلێمایەکی ئاکارەکی لەوەدا پەیدا دەبێت کە فێرخوازی خاوەن دەمارپەشێوی[13] لای سەختە بگەڕێت بە نێو پۆلدا و پرسیار لە فێرخوازی دیکە بکات، کە لەوەیە ببێتە مایەی دۆخی ناجۆر و کێشە. لەبەر ئەوە گرینگە من کۆمەکی ئەو فێرخوازانە بکە و ڕۆژێک زووتر ئاگاداریان بکەم چونکە ڕەوتی کار لە پۆلەکەدا جیاوازە لە ڕەوتی ئاسایی. (Dahlkwist 2012, s.13) دەڵێت «ڕێبەرایەتی واتە مرۆڤگەل ڕووەو جێی وەها ڕێنوێنی بکەیت کە خۆیان بەنیاز نەبوون بۆی بچن». کاتێک فێرخوازەکان دەکەونە ژماردنی تێکڕا بەرۆکگیریی کردەنیش پەیدا دەبن. جار هەیە ژمارەکە دابەش نابێت بەسەر ژێربەشدا[14] و لەبەر ئەوەی ئێمە لە پلەساڵی چوارەمدا تامژمار[15] دەخوێنین، دەبێت دەمودەست ستراتیژی دیکە پێشکەش بکەم. جارێکیان ژمێرکەم[16] بۆ هێنان و پێشانم دان چۆن کاری پێ دەکەن، ئەمەش بووە دەرفەتێکی فێرکارانە دەربارەی دەستاوێژی دیژیتاڵ لە وانەبێژیی ماتەماتیکانەدا. کەواتە ئەم وانەیە تەنها بۆ گەیاندنی زانیار نەبوو لە ماتەماتیکدا، بگرە هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتە بۆ فێرخواز بۆ خۆدەربڕین، هاوسەمای ڕێزدارانە و هەستکردن بە سەنگی خۆ. هاوکات دەبێت من بەردەوام خەریکی چارەی دیلێمای ئاکارەکی و کردەنیی نێو پۆل بم.

**فەلسەفەی ڕەفتار و هونەری ڕیبەری**

لەم خولەی ڕێنوێندا گفتوگۆمان دەربارەی چەندین شاچەمکی سەربە فێرکاری کرد کە کاریگەرییان هەیە لەسەر فراژووتنی پیشەوەرانەی فەریکەمامۆستا.[17] ڕێنوێنیکردنی فەریکەمامۆستا[18] ئەرکێکی ئاڵۆز و هەستیارە داوای ڕەچاوگرتنی چەندین ڕووکاری جیاواز دەکات. Emsheimer & Göhl (2013) دەڵێت ڕێنوێنیی خاس پێویستی بە هاوسەمای ئەم سێ چەمکەیە: کەساندن،[19] جۆراندن[20] و جڤاکاندن.[21] ئەم سێ چەمکە دەبنە

یاریدەی کاری مامۆستای ڕێنوێن[22] بۆ فراژاندنی پیشەوەرانەی فەریکەمامۆستا و هەروەها بۆ سەرخستنی جۆرایەتیی ڕێنوێنییەکە.

کەساندن بۆ فەریکەمامۆستا دەکاتەوە فراژاندنی خۆ-بڕیار[23] و بەرپرسایەتی لە پێڤاژۆی خوێندنەکەی خۆیدا. فەریکەمامۆستا دەبێت ڕا بێت بە بیرکردنەوەی سەربەخۆ، بیردانەوەی ڕەخنەگرانە و خۆی وەک کەسێکی چالاکی نێو جڤاک ببینێت. فێرخوازی ڕشتەی مامۆستایەتی، بەم جۆرە، دەتوانێت ناسنامەی پیشەوەرانەی خۆی وەک مامۆستا، بەدەر لە پاشخانی فەرهەنگی و ڕیشە میللی، شێوەڕێژ بکات.

جۆراندن بە پلەی یەکەم دەکاتەوە زانیار و کارامەیی فێرخواز لەو بابەتەی پاشان لێی دەبێتە مامۆستا. مەبەست ئەوەیە ئەم فێرخوازە توانای شرۆڤەکاری، بەڵگەکاری، بیردانەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەیدا بکات بۆ دەرووەستهاتنی ئەرکی ئایەندەی وەک مامۆستا.

جڤاکاندن واتا فەریکەمامۆستا بەرپرسایەتیی هەڵسوکەوتی خۆی دەگرێتە ئەستۆ، داوەرییەکی دروست پێشان دەدات و ڕێز لە ڕێسا و ڕێنوێنیی نێو فەرهەنگی پیشەی مامۆستایەتی دەگرێت.

**دانوستان**

ئەرکی مامۆستای ڕێنوێن یارمەتیدانی فەریکەمامۆستایە بۆ بیردانەوە لە فێرکاریی خۆی و نۆرەی خۆی وەک مامۆستا لە ئایەندەدا. فەریکەمامۆستا، لە کایەی ڕێنوێنیدا، کۆمەک دەکرێت بۆ ئەوەی بزانێت چی لە فێرکارییەکەی خۆیدا باش دەچەرخێت و چی پێویستی بە کۆشانی دیکەیە. مامۆستای ڕێنوێن، بە ڕەپێشخستنی ڕوانگەی جۆراوجۆر و پرسیاری وەها کە داوای بیرکردنەوەی زیادتر دەکات، یارمەتی فەریکەمامۆستا دەدات بۆ چڕکردنەوەی بیردانەوە (Handal & Lauvås, 2000).

تۆژەران Hägg & Kuoppa (2009) مۆدێلێکی سێ نهۆمیی گفتوگۆ پێشکەش دەکەن بۆ پیادەکردنی لە فێرگەدا بەمەبەستی هاندانی بیردانەوە و فراژووتنی پیشەوەرانە. بناخەی مۆدێلەکە بریتییە لە گفتوگۆیەکی ساختاربەند کە تێیدا ڕێنوێن و فەریکەمامۆستا ئاخافتنێکی ڤەکری و ڕێزدارانەیان دەبێت. خاڵە گرینگەکانی ئەم گفتوگۆیە بریتییە لە چۆنەتیی دەستپێک و کۆتاهێنان، ڕێنوێن چالاکانە گوێڕادێرە و دەوێرێت کاتی پێویست بێدەنگ بێت. بێدەنگی کات دەداتە فێرخواز (فەریکەمامۆستا) بیر بکاتەوە و بۆچوونی خۆی دابڕێژێت. پرسیاری هەم ڤەکری و هەم داخراو دێنە کایەوە بۆ یارمەتیدانی بیردانەوەی قووڵتر لای فەریکەمامۆستا دەربارەی فێرکارییەکەی خۆی.

ئەرکی مامۆستای ڕێنوێن پێشکەشکردنی بەرسڤی ئامادە و پێشاندانی ڕێگەی دروست نییە، بەڵکوو دابینکردنی وارێکە بۆ بیردانەوە و گفتوگۆ. فێرخواز دەرفەتی دەبێت بۆ پەیدۆزیی لایەنە بەهێزەکانی خۆی و بینینی لایەنەکانی دیکەی پێویستیان بە فراژکاری هەیە، دەرفەتی دەبێت بۆ تێکبەستنی بیردۆزە و ئەزموونی کردەنیی نێو پۆل. بە دیدی Emsheimer & Göhl (2013) ئەرکی مامۆستای ڕێنوێن بریتییە لە یارمەتیدانی فەریکەمامۆستا بۆ فراژاندنی دەرکی پیشەوەرانەی خۆی.

جار هەن لە دۆخی ڕێنوێنیدا دیلێمما پەیدا دەبن وەک ئەوەی مامۆستای ڕێنوێن چاوەڕێیە فەریکەمامۆستاکە دەستپێخەری بکات و بکەوێتە پرسیارکردن، بەڵام فەریکەمامۆستا ڕاڕایە و ناتوانێت بۆچوونی خۆی دەرببڕێت. لەبەر ئەوە گرینگە مامۆستای ڕێنوێن یاریدەر و ڕاڤەکارێکی باش و خاوەن گوتاری ڕوون بێت. دانوستانی خاس و کەشێکی ئەرخەیانی ئاخافتن خاڵی یەکلاکەرەوەن بۆ فراژووتنی فێرکارانەی فێرخواز.

## ڕێبەرایەتی

ڕێبەرایەتی دەکاتەوە ئەوەی کە مامۆستا دێتە باسی نێوەڕۆک، ئاڕاستە و هەڤبەندییەکانی وانەبێژی، ئاگایانە بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ. بە دیدی Handal & Lauvås (2000) مەبەست چەرخاندنی خۆسەپێنی نییە، بەڵکوو ڕێنوێنییەکە پەرۆشی بیردانەوە و هەڤبەندسازییە. مامۆستا لە دەراوی ئەزموون و بنەبەها و بیردۆزەوە بڕیاری پیشەوەرانە دەدات، ساختار هەڵدەبەستێت و دەبێتە هاندەری فێربوونی فێرخواز. پێداگۆگی هەردەم شاخاڵە.

«پلانی فێرکاری» Skolverket (2022) جەخت دەکات لەوەی ڕێبەرایەتیی نێو پۆل هونەرێکی داوەستاو نییە. تاک، دەستە و پۆلی جیاواز داوای شێوازی جیاوازی ڕێبەرایەتی دەکەن. فێرخواز هەم پێشمەرج و هەم پێویستیی جیاوازیان هەیە، بۆیە وانەبێژییەکە دەبێت هەموار بکرێت. وانەبێژییەکی ڕوون و ساختاربەند کە لە ئاست توانستی فێرخوازەکەدا بێت دەرفەتی باشتر بۆ فێربوونەکە فەراهەم دەکات. هاوکات گرینگە فێرخواز هەست بکات بەوەی دەبینرێت، لێی دەبیسترێت و ڕێزی دەگیرێت چونکە ئەمانە دەبنە هۆی ڕاهێزانی دڵگەرمی و بەشداریی ئەو فێرخوازە.

«ڕێبەرایەتیی هەڤبەندساز»[24]ی نێو پۆل شێوەگۆڕی لە کاردا دەکات بۆ هەموارکردنی کارەکە لەتەک دۆخی نوێ. مامۆستا، گەرچی تەنها یەک ئارمانجی بۆ هەمووان دیاری کردبێت، هەر دەبێت ئامادە بێت بۆ یارمەتیدانی هەم تاک و هەم گرووپی جیاواز (Dahlkwist, 2012). مامۆستا، بە گوێڕادان و هەموارکردنی هەڵسوکەوت، دەتوانێت کەشێکی ئاپاوی خوێندنی وەها دابین بکات کە ببێتە یاریدەری فراژووتنی هەم توانستی جڤاکی. سەرەتا ڕێبەرایەتی دەبێت پتر جڵەوکێش بێت، بەڵام بەدەم کاتەوە دەگۆڕدرێت ڕووەو پتر یاریدەر و هەڤبەندساز.

ڕێبەرایەتیی لە پیشەی مامۆستایەتیدا جیاوازە لەوەی لە نێو سامانی دیکەدا دەچەرخێت چونکە لە فێرگەدا سێرە لەسەر فراژووتنی زانیار و توانستی جڤاکیی فێرخوازە. ئەمەیان داوای هەم کارامەیی پێداگۆگییانە دەکات، هەم بڕێکی باش لە توانستی هەڤبەندساز. لە خولی «ڕاهێنان لە نێوەندی کاروباردا»[25] گرینگە فەریکەمامۆستا سەرنج بداتە هونەری ڕێبەرایەتیی مامۆستا و خەریکی بیردانەوە بێت لێی. چێوەی ڕوون، ساختار و بەرکەوتی ڕێزدارانە کە دەبنە هۆی دابینبوونی کەشێکی فێرکارانەی ئارام، دەبنە بناخە بۆ ڕێبەرایتییەکی خاسی پۆل.

دیلێممایەکی کە دەشێت پەیدا بێت بریتییە لەوەی فەریکەمامۆستا خاوەنی پۆل نییە و فێرخواز دەبنە خاوەنی پۆلەکە، ئەمەش ئارامی پۆل دەشێوێنێت. بۆ چارەدۆزیی ئەم دۆخە گرینگە مامۆستا پەنا بەرێتە بەر «پلانی فێرکاری» ئاماژە بدات بەوەی هونەری ڕێبەرایەتی پێویستی بە فراژووتنە.

## دیداکتیکی بابەت

بۆ ڕاڤەکردنی دیداکتیکی بابەت دەشێت بڵێین دەکاتەوە زانستی وانەبیژی و شێوازی چەرخاندنی ئەو زانستە، زۆرجار وەک پردێکی نێوان زانستی بابەت و پێداگۆگیک دێتە ڕانواندن. بەڵام Bronäs & Runebou (2016) دەڵین دیداکتیکی بابەت گشەتەیەکی سەرلەبەرە و لە پارەکردن نایەت و گرینگە بۆ پلانڕێژی و وانەبێژی پێشکەش بە فەریکەمامۆستا بکرێت. لەبەر ئەوە بۆ منی ڕێنوێن گرینگە باسەکە بە ڕوونی پێشکەش بکەم و خولیای فێرخوازەکان بورووژێنم.

وانەبێژییەکە دەبێت دەرفەت بداتە فێرخواز بۆ پەیدۆزی و ئاروینکردنی بیرۆکەکانی خۆیان و هەروەها بۆ پەیبردن و بەکارهێنانی چەمک بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیاری جۆراوجۆر. ئەو ئەزموونگەلەی فەریکەمامۆستا پەیدایان دەکەن دەبێت پاشان لە وانەبیژیی خۆیاندا پیادەیان بکەن.

دیداکتیکی ماتەماتیک سێرە دەخاتە لەسەر  وانەبێژی چۆن دەبێتە یاریدەری فێرخواز بۆ پەیبردن بە چەمک و ڕێبازی ماتەماتیکانە و هەروەها چۆنەتیی بەکارهێنانیان لە گوزەرانی ڕۆژانە و لە جڤاکدا. وانەبێژییەکە دەبێت ئافرێنەر و کێشەدۆز بێت، ببێتە ڕاهێزەری خۆڕاپەرموونی فێرخواز و ببێتە مایەی هەڵکشانی توانستیان لە بەبەتەکەدا. دەبێت زەمینە خۆش بکەین بۆ فێرخواز ماتەماتیک بەکار بهێنێت بۆ کێشەدۆز، بەڵگەکاری، بڕیاردانی خاسبنکە و ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارگەلە (Skolverket, ämnesplan, matematik, 2022).

کارامەیی دیداکتیکانە باسی لە توانستی مامۆستایە بۆ بیردانەوە لە وانەبێژییە کردەنییەکە کە دەبێت هەم کارزانیی چەرخاندنی وانەبێژی هاوئامیز بکات و هەم وانەبێژی وەک دیاردە. سێگۆشەی دیداکتیکانە بە سێ شاپرسیارەکەیەوە – چی؟ بۆچی؟ و چۆن؟ – دەبێتە بناخەی بەرنامەڕێژییەکە. وێرای ئەوەش هێشتا سەنگی پێکهاتە جیاوازەکان بۆ کارامەیی مامۆستایەتی تەواو ڕوون نییە (Dahlkwist, 2012).

دیلێمایەکی باو بریتییە لەوەی فەریکەمامۆستا وانەبێژە لە پۆلێکدا کە ئاستی بەرەزانیار تێیدا فرەجۆر بێت.[26] دەشێت وانەکە زۆر باش پلانڕێژ کرابێت، بەڵام بەشێک لە فێرخوازەکان دەروەست نایەن و ئەمەش دەبێتە مایەی جووڵە و پەشێوی. من وەک ڕێنوێن دەبێت ئامادەی کۆمەک بم بێ ئەوەی فێرکاریی فەریکەمامۆستاکە جلەو بکەم. مەبەست ئەوەیە دەرفەتی فراژووتن بدرێتە فەریکەمامۆستا بۆ ئەوەی پەی بەرێت بەوەی زانیاری بیردۆزەکی چۆن لە کاروباردا دێتە چەرخاندن. ئەمەیە دەبێتە مایەی فێربوونێکی گەلدەستی شادیهێن هەم بۆ ڕێنوێن و هەم بۆ فەریکەمامۆستا.

## هەڵسەنگاندن

فەریکەمامۆستا لە خولی «ڕاهێنان لە نێوەندی کاروباردا» دەرفەتی دەبێت زانیاری بیردۆزەکیی خۆی بە کردار بچەرخێنێت و بە کاری چوست لە ژینگەی فێرگەدا کارامەیی پیشەوەرانەی خۆی ڕاهێزێنێت. هەڵسەنگاندنی

توانا و بەرهەمی فەریکەمامۆستا هەم شێوەڕێژە هەم گردەکار[27] و بوارەکانی زانستی بابەت، ڕێبەرایەتیی پێداگۆگیانە، هاریکاری و خۆ-بیردانەوە دەگرێتە خۆ. بە دیدی Jönsson (2020) هەر زوو دەزانین کە پێویست ناکات شێوازی هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ و گردەکار جودا بن. بەپێچەوانەوە، زۆرجار وێکچوون. لایەنی هاوبەش بریتییە لەوەی بۆ نموونە، مرۆڤ چۆن بەڕوونی ئارمانج و پێوەرگەلی هەڵسەنگاندن دیاری دەکات، هەروەها هەڵسەنگاندنی متمانەبەخش و کارا چۆن دێنە داڕشتن. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە، ئەو ئاگادارییانەی دێنە بەرهەم، چۆن بەکار دەهێنرێن. هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ بەرهەمەکەی بەکار دەهێنێت بۆ کۆمەک و فراژاندنی فێربوونی فێرخوازەکە.

ڕێنوێن چاودێری وانەبێژییەکەی فەریکەمامۆستا دەکات و بەردەوام فیدباکی دەداتێ و هاوکات چاوەڕێ دەکرێت فەریکەمامۆستا پەرۆشی بیردانەوە بێت لە فراژووتنی خۆی. هەڵسەنگاندنەکە بە پێودانگی[28] هەم پاتەوپات[29] و هەم بنتۆژ[30] تەماشای جۆرایەتی دەکات، لێرەدا دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک توانستە پیشەوەرییەکانی فەریکەمامۆستا دەروەستی پێودانگەکان دێن. پێودانگ ئاڕاستەی هەڵسەنگاندن دیاری دەکەن و دەرفەت دەدەن بۆ نرخاندنی ڕووکاری جۆراوجۆری بەرهەمکاریی فێرخوازەکە (Jönsson, 2020).

ئارمانجی هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ، بە دیدی Emsheimer & Göhl (2013)، دامەزراندنی ئاخافتنێکی گوتوبێژئامێزە لەتەک فەریکەمامۆستا بە نیازی هاندانی فێربوونەکەی ئەو. هەڵسەنگاندنەکە دوو مەبەستی هەیە، یەکەم کۆمەکی فراژووتنی ئەو فەریکەمامۆستایە، دووهەم تۆمارکردنی ئارمانجگەلی پێکراو.

دیلێممایەکی دەشێت لێرەدا بێتە کایەوە بریتییە لە زانینێکی ناتەراز، فەریکەمامۆستاکە لە زانستی بابەتدا هەڵکشاوە بەڵام بۆ ڕێبەرایەتیی پۆل لاوازە. ئایا لایەنی بەهێز تای بێهێزییەکە ڕاست دەکاتەوە؟ وێڕای چەندین ئاخافتن، کە تێیاندا فیدباکی بەرهەست و نموونەی ڕوون دەدرێنە فەریکەمامۆستا بۆ سەرخستنی توانستی ڕێبەرایەتی، مەخابن فەریکەمامۆستاکە ئامۆژگارییەکان ناگرێتە خۆ. هەم زانستی بابەت و هەم ڕێبەرایەتیی پۆل شابەشن لە پیشەی مامۆستایەتیدا و جوداکردنەوەیان دروست نییە. لە دۆخی وەهادا ڕاوێژ بە ڕێبەری خول دەکەم بۆ پیادەکردنی هەڵسەنگاندنێکی پیشەوەرانە.

**ئاکار**

بە دیدی Colnerud (2017) ئاکار دەشێت ببێتە بنەمایەکی بیردەرەوە بۆ جلەوکێشکردنی کرداری پیشەوەرانەی مامۆستا لە دۆخی وەهادا کە بەها، نۆرم و مەرجی ڕەوشتکارانە تووشی کێشە دێن. ئاکار واتا مامۆستا لە گوزەرانی ڕۆژانەی فێرگەدا چی دەکات، چۆن دۆخی ئاڵۆز دیاری دەکات، شرۆڤەی دەکات و هەڵوێستی لێ دەگرێت، بەتایبەتی کاتێک کە ڕێسای ڕوون و بەربەیار بەردەست نەبن. ئاکار تەنها دەربڕینێک نییە لە بنەبەهای کەسەکی، بگرە شابەشە لە نۆرەی پیشەوەرانە و لە بەرپرسایەتی پیشەوەرانەی مامۆستا بەرانبەر فێرخواز، هاوکاران و هەروەها جڤاک. لەبەر ئەوەیە ئاکار وەک پێڤاژۆیەکی دەوامەدار تەماشا دەکرێت بۆ

بیردانەوە و گفتوگۆ بەمەبەستی کۆمەکی مامۆستا بۆ چارەدۆزیی دیلێممای ڕەوشتکارانە و بڕیاردانی خاوەن بنەمای پتەو.

پلانی فێرکاری Skolverket (2022) جەخت دەکات لەوەی ئاکار بەشێکی بنەرەتییە لە ئەرک و بنەبەهای فێرگە. فێرگە دەبێت ببێتە هاندەری ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، هاوبەهایی مرۆڤەکان و بنەما دیمۆکراسییەکان. ڕوانگەی ئاکاربین دەبێت گشت پێڤاژۆی فیرکاری بگرێتەوە بۆ ئەوەی فێرخواز بیر لە ڕاست و چەوت بکاتەوە، بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆی بگرێتە ئەستۆ و هەڵویستی ئاگایانە بنوێنێت. Dahlkwist (2012) دەڵێت ئاکار و نۆرم گرینگیشن بۆ هونەری ڕێبەرایەتیی مامۆستا، کە تێیدا ئاکار دەبێتە هەڵوێستێکی بەرپرسانە لە هەڤبەندیی جۆراوجۆری ڕۆژانە کە تێیاندا ڕێسا و نۆرمی جڤاکی دەبێت بە کردەوە بێنە جەرخاندن.

خاڵی گرینگ ئەوەیە فەریکەمامۆستا تێبگات لەوەی ئاکار و بنەبەها تەنها چەمکی بیردۆزەکی نین، بگرە باسێکن لە پۆلدا دێنە پیادە کردن. خولی «ڕاهێنان لە نێوەندی کاروباردا» زەمینە فەراهەم دەکات بۆ فراژاندنی توانای بیردانەوە لە پرسی سەربەر ڕەوشت، بڕیاردانی بەرپرسانە و ڕەفتار بە جۆرێکی ببێتە پێشوێنە بۆ فێرخوازان.

لە ماوەی «ڕاهێنان لە نێوەندی کاروباردا» دیلێممایەک سەری هەڵدا، فێرخوازێکی خاوەن دەمارپەشێوی پرسیاری لە فەریکەمامۆستایەک کرد بۆچی منداڵی نییە. فەریکەمامۆستا لە بەرسڤدا گوتی: «جونکە دەترسم منداڵەکەم وەک تۆ دەرچێت». من کەوتمە گوتوبێژ لەگەڵ ئەو فەریکەمامۆستایەدا و دیسان بنەما ئاکاربین و ڕەوشتبەندەکانی فێرگەم ڕوونم کردەوە. فەریکەمامۆستاکە گوتی مەبەست گەپ بووە، بەڵام من جەختم کردەوە لەوەی گوتەی لەو بابەتە دەشێت ڕووشکێنییەکی قووڵ بێت لای منداڵەکە.

لە کۆتادا مەبەست لە ڕێنوێنی کۆمەکی فراژووتنی فەریکەمامۆستایە ڕووەو مامۆستایەتییەکی ئەرخەیان و کارامە، چونکە پیشەی مامۆستایەتی ڕێبەرایەتییەکی چالاک و ئاگایانەی نێو پۆل دەکاتە پێشمەرج (Dahlkwist, 2012). ڕێنوێنییەکە دەبێ ببێتە مایەی سەرخۆبوون (کەساندن)، فراژووتنی زانستی بابەت (جۆراندن) و هەروەها پەیبردن بە ئاکاری پیشە (جڤاکاندن). فەریکەمامۆستا لە ڕێی بیردانەوە و گوتوبێژەوە دەتوانێت بیردۆزە و کردەنی تێک ببەستێت و بەوەش ڕێبەرایەتیی خۆی لە نێو پۆلدا ڕاهێزێت. دیداکتیکی بابەت و پلانرێژی دەبنە یاریدەری فەریکەمامۆستا بۆ داڕشتنی وانەبێژیی واتادار. هەڵسەنگاندنیش هەم فێربوون هان دەدات و هەم تۆماری بەرهەمکاریی فێرخواز دەڕازێنێتەوە. تەرازکاریی ئاکارەکی سەرلەبەری پێڤاژۆی فێرکارییەکە دەگرێتەوە و دەبێتە یاریدەری فەریکەمامۆستا بۆ گەیشتن بە بڕیاری پیشەوەرانەی بەرپرسانە لە پۆلدا.

«...»

## پاشکۆ

### مۆدێلی گوتوبێژ و پرسیاری یاریده

لە ماوەی خولی ڕێنوێنیدا، کە زانستگە سەرپەرشتیی دەکات، دیمانەی بێژەکی ساز دەکرێت بۆ ڕاهێنانی مامۆستای ڕێنوێن بە هونەرە پێویستەکانی ڕێنوێنیکردن. لە دیمانەکەدا سێ مامۆستای بەشدار لە خولی ڕێنوێنیدا گوتوبێژێکی سێ کەسی ساز دەکەن بۆ خویاکردنی توانستی خۆیان لەم بوارەدا و هاوکات مامۆستایەکی زانسیگەکە کە سەرپەرشتی خولەکەیە دەگەڕێت بەسەر دیمانەکاندا بۆ تۆمارکردنی سەرنج و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری. دیمانەکە ڕۆڵوازییەکی سێ کەسییە، هەر یەک لە بەشداربووان یەک لەم نۆرە دەبینێت:

- مامۆستای ڕێنوێن
- فەریکەمامۆستا
- چاودێر

بازنەی ئارۆینکردنی بێژەکی بریتین لە سێ دیمانە، لە هەر دیمانەیەکدا سێ کەس بەشدارە و هەریەکەیان یەک لەو سێ نۆرەیەی سەرەوە دەبینێت، کەواتە هەر کەسێک لە سێ دیمانەدا گشت نۆرەکان دەبینێت. هەر دیمانەیەک بیست خولەک دەخایەنێت، پێنج خولەک بۆ هەر یەک لەو سێ ئاستەی گوتوبێژ کە لە خوارەوە ڕاڤە دەکرێن و لە کۆتای هەر دیمانەیەکدا پێنج خولەک تەرخانە بۆ چاودێر.

چاودێر لە ماوەی پازدە خولەکی گوتوبێژدا، بێدەنگە، سێرە دەخاتە سەر هونەری مامۆستای ڕێنوێن بۆ جڵەوگرتنی گوتوبێژەکە، چ کارامەییەکی تێدا دەبینێت، جۆری پرسیارەکان، جۆری گوێڕادێرنی چالاک، جۆر و شێوازی ئەنجامگیری، ئایا پرسیاری وەهای پێشکەش کرد ببنە مایەی فرەواندنی ڕوانگە و... هتد. ئەوجا چاودێر لە پێنج خولەکدا سەرنج و ئامۆژگاریی خۆی ڕاڤە دەکات.

جگە لەوانە، چاودێر میرکاتە، ئاگای لە کاتە.

### ڕەوتی دیمانەی بێژەکی

- دەستپێک ڕێنوێن پرسیار لە فەریکەمامۆستا دەکات دەیەوێت چی باس بکات
- فەریکەمامۆستا سێ خولەکی هەیە بۆ ڕاڤەکردنی دیلێمماکەی خۆی
- ئەوجا ڕێنوێن دەکەوێتە پرسیار و بەو جۆرە گوتوبێژەکە ڕێچکە دەگرێت

- که پازده خولەک دەرباز بوو ئەوجا چاودێر دەکەوێتە ئاخافتن بۆ ڕوونکردنەوە سەرنجی خۆی دەربارەی گوتوبێژەکە.

کە ئەم دیمانەیە کۆتا بوو ئەوجا سێ کەسەکە نۆرەگۆڕکێ دەکەن و دیمانەی دووهەم و پاشان سێهەم دەست پێ دەکەن.

## سێ ئاستی گوتوبێژ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ئاستی یەکەم –** ڕوونکردنەوەی دۆخەکە لە ڕوانگەی فەریکەمامۆستاوە | | **ئاستی دووهەم –** فرەواندنی ڕوانگە، دیاریکردنی ئامانج | | **ئاستی سێهەم –** دارشتنی پلانێکی ڕێنوێنی، یارمەتیی چەرخاندن، هەڵسەنگاندن |

| **ئەرکی مامۆستای ڕێنوێن لە هەر سێ ئاستەکانی گوتوبێژدا** | | |
|---|---|---|
| – ئافراندنی پەیوەندییەکی ڕێزدارانەی واتادار.<br>– دیاریکردنی چێوە.<br>– یارمەتیدانی هاتنە گۆ. | – یارمەتیدانی فەریکەمامۆستا بۆ دارشتنی پلانی ڕێنوێنی.<br>– دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ «کردن»، «توانا»، «بوون» | – دارشتنی پلان و ستراتیژ بۆ ڕێنوێنییەکە.<br>– هەڵسەنگاندن و کۆتاهێنان. |
| هەروەها، لە گشت گوتوبێژێکدا، بە هەڵوێستی هەمەجۆر و شێوازی جۆراوجۆری کار، مامۆستای ڕێنوێن دەکۆشێت بۆ ڕاهێزانی توانای فەریکەمامۆستا | | |

**خشتەی ئاروینی بێژەکی بۆ گوتوبێژی ڕێنوێن**

**ئاستی یەکەم** - ڕوونکردنەوەی دۆخەکە لە ڕوانگەی فەریکەمامۆستاوە

**نموونە لە کارامەیی مامۆستای ڕێنوێن**

- داگیرساندنی گوتوبێژ
- گوێڕادێرانی چالاکانە
- گرینگە هەر جارەی یەک پرسیار بێتە ئاڕاستەکردن
- پرسیاری ساکار و کورت ئاڕاستە بکە
- داڕشتنەوەی پرسیار
- ڕێ بدات ناوبڕ کاریگەر بن
- پرسیاری ڤەکریی وەها کە پتر ڕاڤەکار بن نەک ڕوونکەرەوە
- هەڵبژاردنی وشەی دروست
- هەڵبژاردنی مێافۆر/وێنەی دروست

**نموونە لە داڕشتنی پرسیار**

- دەتوانیت ... ڕاڤە بکەیت؟
- ئێستا چۆنە؟
- دەتوانیت ... بازنەکێش بکەیت؟
- دەی ئەوسا تۆ چی دەکەیت؟
- دەتوانیت ئەو باسە پتر ورد بکەیتەوە؟ بیفراژێنیت؟
- لای تۆ ... واتای چییە؟
- بە چ شێوەیەک؟
- ئایا مەبەستت ئەوەیە کە...؟
- تۆ دەڵێیت ... وایە، من دروست تێگەیشتووم؟
- دەتوانیت پوختەیەی ئەم باسەی خۆت گرد بکەیتەوە؟
- خاڵی هەرە گرینگ لەم باسەی تۆدا چییە؟

**ئاستی دووهەم** - فرەواندنی ڕوانگە، دیاریکردنی ئارمانج

**نموونە لە کارامەیی مامۆستای ڕێنوێن**

- پوختاندنی باس لە ڕوانگەی ڕێنوێنەوە
- پرسیاری بەهێز بۆ فرەواندنی ڕوانگە
- ڕەوانبێژی
- ڕووبەڕووکردنەوە
- بەرۆکگیری
- بەردیدکردن، داڕشتنەی وێنەیەکی بەردید لە دیاردەیەکی دیاریکراو
- ڕۆڵوازی
- ئاگاداری

**نموونە لە داڕشتنی پرسیار**

- چ ڕاڤەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەم باسە؟
- شیمانەی لەبار چین؟
- تۆ چیت پێ دەکرێت؟
- دژبەری ... چییە؟
- خراپترین پێشهاتی بەرشیان چییە؟
- تۆ چی بە بەرۆکگیری دەزانیت؟
- دەتەوێت بگەیتە چی، ئارمانجت چییە؟
- دەتەوێت چۆن بێت؟
- پێکانی ئەو ئارمانجە چ هەستێکت پێ دەدات؟ ڕاڤەی بکە!
- ئەم باسەی ... چەند لای تۆ گرینگە؟

**ئاستی سێهەم** - دارشتنی پلانێکی ڕێنوێنی، یارمەتیی چەرخاندن، هەڵسەنگاندن

**نموونە لە کارامەیی مامۆستای ڕێنوێن**

- پەیجۆری
- لیستکردن
- دارشتنی پائارمانج
- هەڵسەنگاندن
- کۆتاهێنان

**نموونە لە دارشتنی پرسیار**

- تۆ نیازت چییە، چی دەکەیت؟
- یەکەم هەنگاوت چییە؟
- کەی ئەو کارە دەکەیت؟
- چی دەکەیت بۆ ئەوەی ئەو کارە بێتە ئەنجامدان؟
- بەچیدا دەزانیت کە تۆ ئارمانجت پێکاوە؟

**پرسیاری دیڤچوون**

- پاش ...ی جاری پێشوو، چی ڕووی داوە؟
- ئەنجامەکەی ... چی بوو؟
- ئەدی لەبری ئەوە تۆ چیت کرد؟
- چی باش هات و باش چەرخا؟
- بەرۆکگیرییەکان کامانە بوون؟
- چی بووە بەربەست کە تۆ نەتتوانی کارەکە ئەنجام بدەیت؟
- چی فێربوویت لەم...؟
- ئەدی لەمەودوا چۆن ڕەفتار دەکەیت...؟

«...»

**چێکلیستی یایدەر بۆ گوتوبێژی ڕێنوێن**

ئەزموون پێمان دەڵێت وەها باشە فەریکەمامۆستا بەر لەوەی بێتە گوتوبێژی ڕێنوێنییەوە خۆی ئامادە بکات. فەرموون ئەمە نموونەی چەند خاڵ و پرسیارێکە کە دەشێت ببنە یاریدەر هەم بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دیلێممایەی هاتۆتە پێش و هەم بۆ خۆشڕەوتیی گوتوبێژەکە.

| **دیلێممای فەریکەمامۆستا** | | |
|---|---|---|
| **بابەت** | **پرسیار بۆ خۆم** | **پێشکەشکردنی دیلێمما** |
| ڕاڤەکردن | دیلێمماکەی من دەربارەی چییە؟ | من وەک <بۆ نموونە مامۆستا> هەست دەکەم... |
| هۆکار/هاندەر | ئەم باسە بۆچی گرینگە؟ | بۆ ئەوەی بتوانم <بۆ نموونە وەک مامۆستا> بەردەوام بم لەسەر... |
| شرۆڤە | ئەم دیلێممایە چۆن سەری هەڵدا؟ | سەرەتا <...> و پاشان <...> |
| ئایەندەبینی | بە دیدی خۆم، هەنگاوی داهاتووم چۆن بێت باشە؟ | من دەخوازم... |

سەرنج: ...........

«...»

## سەرچاوە


Bronäs, A. & Runebou, N. (2016). Ämnesdidaktik – en undervisningskonst. Norstedts. (100 s.)

Colnerud, G. (2017). Läraryrkets etik och värdepedagogiska praktik (196 s.)

Dahlkwist, M. (2012). Lärarens ledarskap – relationer och grupprocesser. Liber. (254 s.)

Dylan Wiliam. Utbildningsradion 2013  Lärandets vitala verktyg

Emsheimer, P., & Göhl, I. (2013). Handledning i Lärarutbildning: att utforska undervisningssituationer. Studentlitteratur. (191 s.)

Hägg, K., & Kuoppa, S. (2009). Professionell vägledning – med samtal som redskap. Lund: Studentlitteratur.

Handahl, G., & Lauvås, P. (2000). På egna villkor – en strategi för handledning. Studentlitteratur

Jönsson, A (2020). Lärande bedömning. gleerups

Skolverket (2022). läroplan för grundskolan matematik


## پەراوێز

---

1 ئەم نامەیە بەرهەمی بەشداریمە لە خولێکی تایبەت بە «ڕێنوێنیکردنی فەریکەماموٚستا» Preceptorship of student teachers بەناوی HV426F-Handledarutbildning -HT2025 لە بنگەی «دیداکتیکی بابەت» Institutionen för ämnesdidaktik ی سەربە زانستگەی ستۆکهۆلم Stockholm universitet. نیشتیمان شەفیق، پاییزی 2025.

2 Practical professional theory = بیردۆزی پیشەوەرانەی کردەنی

3 Grade = پلەساڵ، ساڵی خوێندن

4 The Praxis Triangle (or "Practice Triangle") = سێگۆشەی کردەنی

5 Mean = تێکرا

6 Think-Pair-Share = تاک–جووت–کۆ، یان بیرکردنەوە–جووت–بەشکردن

7 A4 Whiteboard = تابلۆی ئاچوار

8 bar chart, bar graph = چارتی ستوونکار، گرافی ستوونکار، دایەگرامی ستوونکار

9 line chart, line graph, curve chart = چارتی هێڵکار، گرافی هێڵکار، دایەگرامی هێڵکار، چارتی چەمکار

10 formative learning = فێرکردنی شێوەرێژ

11 proven experience = خاراویی ئەزموو، شارەزایی ئەزموونکراو، ئەزموونی ئاروینکراو

12 Dilemma = دیلێما، کێشەی دووسەرە

13 Neurodevelopmental Disorders (NDs) = دەمارپەشێوی

14 Denominator = ژێربەش، ئەو ژمارەیەی دەکەوێت ژێر کاریتەی دابەشینەوە

15 Integer = تامژمار، ژمارەی تەواو، بۆ نموونە
-2, -1, 0, 1, 2…

16 calculator = ژمێرکە

17 student teachers = فەریکەمامۆستا، فێرخوازی ڕشتەی مامۆستایەتی لە زانستگە

18 preceptorship of student teachers = ڕێنوێنیکردنی فەریکەمامۆستا

19 Subjectification = کەساندن. چەمکێکە، لە بواری خوێندنی گەورەساڵاندا، بەکار دەبرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ فێرخوازان ڕووەو فراژووتن وەک کەسایەتییەکی بەرپرس و دەستپێشخەر، نەک ببێتە کاڵایەکی کەمتازۆر خامۆش بۆ دابینکردنی خواستی کەسانی دیکە.

20 Qualification = جۆراندن. باڵاترین ئارمانج لە بواری خوێندنی گەورەساڵاندا بریتییە لە جۆراندن. پرسیاری گرینگ لێرەدا دەڵێت خوێندن لە فێرگەیەدا تا چ ڕادەیەک دەبێتە مایەی هەڵکشانی زانیار، توانست و کارزانی لای فێرخواز و هەروەها پەیداکردنی کارامەیی نوێ بۆ <چەرخاندنی کارێک>. ئەم چەمکە شیکارە نێزیکە لەو گوتوبێژەی هەیە دەربارەی نۆرەی بنگەی فێرکاری لە دابینکردنی توانستی پێویست بۆ جڤاکی دەوروبەر.

21 Socialization = جڤاکاندن. لە بەستێنی خوێندنی گەورەساڵاندا بریتییە لە توانستی فێرگە بۆ دابینکردنی دەرفەتی ناساندنی فێرخوازەکانی خۆی بە نەریتی دیاریکراوی وەها کە بە پیشە و ئایدیۆلۆژی... ی هەمەجۆرەوە گرێدراون.

جڤاکاندن چەمکێکی شیکارانەی گرینگی ڕەخنەگارنەیە چونکە دەبێتە یاریدەر بۆ گوتوبێژی ڕەخنەگرانە دەربارەی توانای بەرهەمی تۆژینەوەکانی ئەم بوارە بۆ وردبوونە لەو جیاوازییە جڤاکییانە و ئەو بێدادییانەی خوێندنی فێرگەکە دەبێتە مایەی چەسپاندنیان یان ڕیشەکێشکردنیان.

22 preceptor, supervisor, instructor = ڕێنوێن

23 self-determination = خۆ-بڕیار

24 relational leadership = ڕێبەرایەتیی هەڤبەندساز

25 In-service training = ڕاهێنان لە نێوەندی کاروباردا

26 prior knowledge = بەرەزانیار، زانیاری بەرایی

27 summative assessment = هەڵسەنگاندنی گردەکار

28 criteria = پێودانگ

29 explicit = پاتەوپات

30 Implicit = بنتۆژ